# کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دواییکرد، ووتیان: لە کوێ لە گۆڕ دابنرێت؟ ئەبوبەکر ووتی: لەو شوێنەی تێیدا مردووە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دواییکرد، ووتیان: لە کوێ لە گۆڕ دابنرێت؟ ئەبوبەکر ووتی: «لەو شوێنەی تێیدا مردووە».
[صەحیحە] [ئیبنو سەعد گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە]

کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دواییکرد، هاوەڵان ناکۆک بن سەبارەت بە شوێنی لەگۆڕدانانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ئەبوبەکری سدیق ووتی: لەو شوێنە لە گۆڕ دایبنێن کە تێیدا مردووە. ولە هەندێک گێڕانەوەدا: ئەبوبەکر گوێی لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بوو دەیفەرموو: هەموو پێغەمبەرێک لە پێغەمبەرەکان لەو شوێنە مردووە کە حەزی کردووە تێیدا لە گۆڕ دابنرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10980